The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## بۆ ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆسایدا

## بەرپرسێکی پێن کلاپی جیهانی 15 هەزار ئیمێل بۆ نوسەران دەنێرێت

دوای ئەوەی کەمپینی ناساندنی ئەنفال بەجینۆسایدا لەولآتی سوید ڕاگەیەندرا ، توانرا پەیوەندی بە( ئێوگین چاولگین) یەکێک لە کارگێرانی ڕێکخراوی جیهانی یانەی پێنوس ( پێن کلاپ) کرد، کە خۆشبەختانە جگەلەوەی ئیمزای خۆی خستە سەر داخوازیەکەمان ، لە ئمێلێکی تایبەتیشدا بۆ ناوەندی چاک داوا دەکات ئەگەر بتوانن ئەم بەیانامەیە وەر بگێرنە سەر زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی و ئیسپانی ئەوا ئەو دەتوانێت لە 100 ولآتی جیادا بۆ 15 هەزار نوسەر بنێرێت کە ئەندامی ڕێکخراوەکەیانە.
ئەمە هەڵوێستەی ( ئێوگین چاولگین) خزمەتێکی گەورە بە دۆزی کورد و مەسەلەی ئەنفال دەگەیەنێت ، کە ئەگەری زۆرە هەریەکێک لەو نوسەرانە بۆ چەندین هاوڕێی تری خۆیان بنێرن.
هەر بۆیە ڕێکخراوی چاک لەم 2 ڕۆژەدا دەقی بەیانامەی کەمپینەکەی بۆ دەنێرێت بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی.
شایەنی باسە ڕێکخراوی پێن کلاپی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانن و زیاتر لە 100 ولات هەن، کە ئامانجی سەرەکیان داکۆکی کردنە لە ئازادی ڕادەربرینی نوسەران .

بۆ پالپشتی کردن لەم کەمپینە دەتوانن پەیوەندی بەم ئمێل و ژمارە تەلەفۆنانە بکەن

rezwankader@hotmail.com

ronakshwani3k@hotmail.com

assobyari@yahoo.com

یان ژمارە تەلە فۆن

0737589576 ڕۆناک شوانی

0736193769 چنور سەدیق

ناوەندی چاک /سوید

20061115